ئەمریکا و مالیزیا ڕێککەوتنێکی بازرگانی واژۆ دەکەن

"دۆناڵد ترامپ" سەرۆکی ئەمریکا و "ئەنوەر ئیبراهیم" سەرۆک وەزیرانی مالیزیا،ڕێککەوتنێکی بازرگانییان واژۆ کرد کە دەستڕاگەیشتنی ئەمریکا بە کانزا دەگمەنەکان زیاتر دەکات.

ئەمە یەکشەممە ،بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی "فرانس پرەس" پێکین سنووردارکردنی بەرفراوانی لەسەر کەرتی کانزا دەگمەنەکان ڕاگەیاند، ئەمەش وای لە ترامپ کرد هەڕەشەی سپاندنی گومرگی 100% لەسەر هاوردەکانی چین بکات وەک وەڵامێک بە ئەو هەنگاوە.

ترامپ لە چوارچێوەی لوتکەی کەمەڵی وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (ئاسیان) سەردانی کوالالومپور دەکات، پێش کەبوونەوەیەکی چاوەڕوانکراو، ڕۆژی پێنجشەممە، لەگەڵ "شی جین پینگ" سەرۆکی چین.

بەپێی ڕێککەوتنە نوێیەکەی ئەمریکا و مالیزیا،کوالالومپور "پابەند دەبێت بە خۆبەدوورگرتن لە قەدەغەکردن یان سپاندنی بەیار لەسەر هەناردەکردنی کانزا گرنگەکان بە ئەمریکا،لەکاتێکدا واشنتۆن ئازی بوو بە سپاندنی گومرگی 19% لەسەر کاڵا مالیزیاکان.

مالیزیا هەروەها بەڵێنی دا کە پەرەپێدانی کەرتی کانزا دەگمەنەکان خێراتر بکات بە هاوکاری لەگەڵ کەمپانیا ئەمریکییەکان، لەوانەش درێژکردنەوەی مەڵبەندەکانی کارکردن بە بەهێزکردنی تواناکانی

بەرهەمهێنان.

هاوکات "جێمیسن گریر" نوێنەری بازرگانی ئەمریکا، ڕایگەیاند کە ڕێککەوتنەکە وەبەرهێنان و بازرگانی لە کانزا دەگمەنەکاندا "تا بکرێت ئازاد و تا بکرێت نەرم دەکات، ئاماژەی بەوەشدا کە ئەمە لە جیهانەکدا دەژین کە خاوەندارێتی ئەم کانزا گرنگانە بە پیشەسازی و تەکنەلەجیا و ئابووریمان گرنگە.

وتیشی: زۆر گرنگە کە وەک دوو هاوبەشی ئارزووومەند هاوکاری یەکتر بکەین بە دەنیابوون لەوەی کە زنجیرەی دابینکردنی بە کەشەمان هەبێت.